

# سێ پەردەی چیرۆکێک

ئارمان قادری نەجاڕ
(سنە)

**پەردەی یەکەم: تەمبوور**

کە تەلی تەمبوورەکەی پچڕا، قرچەی جەرگی گوێی زڕاند. قرچەکەی بیست هەر وەک دەنگی ئەو چۆلەکەیە کە لە بەردەم ئەشکەوتەکە چریکەی دەهات. هەر وەک دەنگی ئەوانە کە خۆی لێیان حەشار دابوو. لە کەلی گاکوژەوە کە دەرچوو دای لە کەژیی تەمبوورەژەنان و لەوێوە خۆی ئاودیوی ئەم بەر کرد. سێ ڕۆژە کە لەم کێو بەو کێو چاوی لە سیروانە و ئێستاش کە نەیدەبینی بە هاژەی ئۆقرەی دەگرت. لەم سێ ڕۆژەدا تەمبوورەکەی لەگەڵ خۆی دەبرد.

کە تەلەکەی قرتا، خۆی لە جلێکی تردا دی. دیسان لە فەرمان دەردەچوو، بەڵام ئەمجار لەبەر کانییەک وەستابوو. تەمبوورەکەی لە تەنیشت دارهەنارێک بە تەلەکانییەوە دانرا بوو و پیرشالیار خەریک بوو بارگە بارگەی پێ دەژەند. ئاخ کە ئەو دەنگە چ سەیر هێورت دەکاتەوە. هەر وەک ئەو کاتە لەگەڵ باوکی بەشە هەنارەکەی بە دەسیەوە بوو و لە خۆشیی ئاوێتەبوونی گیان و کەلامەکانی ئەو، سووریی هەنارەکەی تەماشا دەکرد.

ئێستاش چاوی هەر لە تەلە قرتاوەکە دەچووە سەر هەنارێک کە دوێنێ لە سەر ڕێگە کەندبووی. سووریی هەنارەکە لە سەروێنی ئەو کچە دەچوو کە لە باخە سێوەکەی سەرڕێگەی باخی پاشا سێوی زەرد و سەوزی دەچنی. زەردیی سێوەکان دەیژیت هەر ئەم گەڵا زەردانەی پێی دارەکەن. ئەو دارە کە پاییزان لە سێبەریی بە کوردی دەنگی ئەو تەلانەی دەڕژاندە ناو کانگەی گیانی.

ئەو دەنگە کە ئێستا دەیانویست بیکوژێننەوە و ئەویان خستبووە ناو ئەم هەڵاتنە.

دواجار لە ئەشکەوتەکە هاتە دەر. کە هەڵهات سەری بەرزی بە تیرێک داهات. پێش ئەوەی تەمبوورەکە لە دەستی بەربێتەوە و تەلەکەی بپچڕێت، چاوی بە سیروان کەوت و ئۆقرەی گرت.

**پەردەی دووەم: تاوان**

ناو لێ زەوت کراوم. دەرچووم، بەڵام لە تاوان دەرنەچووم. ئێستا بێناو بەشوێن سرەوتنێکی ئێجگار دوور لە کۆڵانی ئەوبەر مزگەوتەگەورە بە تەمای کەسێکم تا گیانی لێ زەوت کەم. سزایەکی قورس بۆ تاوانێکی قێزەون. کە ناوت لێ زەوت کرا، ئیدی کەس بانگت ناکات. دەگەڕێیت کە بتبینن، هەیت، بەڵام نیت. بوونێکی بێ ناوونیشان، بێ ئەوە کە کەس بتبینێت، یان ئاوڕت لێ بداتەوە. لە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەی کە دەرفەتێکی نوێم بۆ ڕەخسا ئیتر شەو و ڕۆژم لێ بڕاوە. بێ ئەوە بانگم کەن، نامەکەم پێگەیشت. دەبێت بە تاوانێکی نوێ ناوم بستێنمەوە. یەکەم جار بەبێ هیچ بیرێکی پێشوەخت تووشی تاوان بووم. ئێستا دەیانویست کە ئەو کوڕە بکوژم. چەن ڕۆژە کە بە شوێنیدا گشت ڕۆژێک لەم گەڕەک تا بەردەم مزگەوتەگەورە و لەوێ بەرەو کۆڵانەکانی بەر باخی ماڵی پاشا دەڕۆم و دێمەوە. لە هەر کوێ بوو لە سووچی هەر گەڕەکێک کە دەگەڕا هەر دەهاتەوە بەر مزگەوتەگەورە تا بگاتە باخەسێوەکەی بەردەم باخچەی ماڵی پاشا. لەسەرەتا لێی تێنەگەیشتم، بەڵام ئەم جارە کە تۆزێک خۆم لە سووچی تاوان نزیکتر کردەوە، چاوم بەشوێن نیگای شەرمنی بەر کچێک کەوت کە بەو دەسەچەرمەڵانانەیە سێوە زەرد و سەوزەکانی دەچنی. سەروێنەسوورەکەی لە ڕەنگی تاوان دەچوو. تاوانێکی قێزەوەن کە دیسان دەبێت خۆمی پێوە بگلێنم. بۆ هەرکوێ کە دەچوو هەر ڕەنگی تاوانی دەنواند. بە خۆی و تەمبوورەکەی دەستی لە کۆڵانەکەی بەردەم باخچەی ماڵی پاشا ڕێی ئەوبەری دەگرتە بەر تا لەژێر دارهەنارێک مەقام بژەنێت. هەنارەکان پڕ لە هاواری سووریی تاوانن.

ئیمڕۆ دەبوو خۆم ڕزگار کەم. لەبەردەم مزگەوتەگەورە بەتەمای ئەو کوڕە ڕاوەستام، بەڵام بۆم نەکرا و هەڵهات. ئەوە سێ ڕۆژە بەشوێنیدا لە کەلی گاکوژانەوە تا ئەمبەر سیروان وێڵم. وێڵی کوشتن و تاوان. دوێنێ ڕەنگی تاوان پەلکێشی کردم و چاوم پێی کەوت. هەر دارهەنارەکەی دی، خۆی پێ نەگیرا و هەنارێکی سووری لێ کەند و هەڵبەزی بۆ ئەشکەوتەکە. کاتییەتی ، بۆنی تاوان باڵی بەسەر هەموو بۆن و دەنگ و ڕەنگەکاندا کێشاوە. هاژەی سیروان و دەنگی چۆلەکەی بەر ئەشکەوتەکەش بۆنی تاوان دەدەن، تەنانەت خوێنیی ناو ڕەگەهەڵماسیوەکەی لاجانگیشم بە ترپەی خێرای بۆنی تاوان ئۆقرەی لێبڕیوە.

دواجار لە ئەشکەوتەکە هاتە دەر، دەسبەجێ تیرێکم لێ سرەواند. تەمبوورەکەی لەدەس بەربووەوە و سووریی تاوان گیانمی نەخشاند.

ناوم لێ نراوەتۆ، ئیدی بانگم دەکەن، بەڵام بەناوە پێدراوەکەم: تاوانبار.

**پەردەی سێیەم: خاچ**

- چۆن لەم زەمهەریرە ڕزگار بم؟
- ڕزگار؟
- لەم جولجوتا وا خەریکە لەخاچم دەدات!

- خاچ؟
- ئەو خاچەی کە لێرە بە دارەبڕاوەکان ساز کراوە.
- دارەبڕاوەکان؟
- دارەکانی دارستانەکەی کەلی گاکوژان. ئەوەتا لەبەرچاوم داتاناوە.
- چاوت بکەرەوە، لێرە نا لەم شەوەزەنگە تەنیا دەتوانی بۆن بکەی.
- نا ئەوەتا خاچەکە و ئەویش پەیکەرێکی شکاو لە بەرانبەریدا. بەقاچە هەڵگەڕاوەکەی دەیژیت قۆڵە قرتاوەکەی گرتووە.
- بۆنی چییان پێوە دەکەی؟
- بۆن؟! بۆنی تاوان.
- چۆن؟
- تاوانەکان هاوار دەکەن، بەڵام تاوانبارەکان بۆنی دەدەن. بۆنێکی بێبڕانەوە، تەنانەت بە ئاوەکەی سیروانیش ناسڕێتەوە.
- هاواری دارەبڕاوەکان قیژەی خاچەکەن.
- خەیاڵ گرتوویت، ئێرە شەوەزەنگە و تەنیا دەتوانیت بۆن هەڵمژیت.

خەیاڵ بردی. بۆ کاتی زەردەپەڕ کە دەچووە باخچەی بەرماڵی پاشا و سێوە زەرد و سەوزەکانی دەچنی. لەو دارستانە کە قیژەی دارەکانی لە شەرمی خاچ بوونیان هەڵساوە، دارێکیش کراوە بە تەمبوور و بە دەستی ئەو کوڕەی کاتی ئێواران دەبردرێتەوە بن دارهەنارێک کە دەنگی دارستانی پێ بژەنێت.

- ئەی بۆن بەخۆتەوە ناکەیت؟
- خۆ من تاوانبار نیم!
- ئاخ لەو مەزنەتاوانە! تاوانێکی بێ ئەنجام. کارەساتێکی پێکەنیناوی. سەربوردەیەکی لەبیرکراو. ئاکامێکی ڕەش بۆ ڕوخسارێکی گەش! (گرماندی) مێیینەیەک و بانگەوازی گۆڕان!

گۆڕان! هەر ئێوارەیەک کە ئاوڕی چاوی ئەو کوڕەی هەست دەکرد، بەڵێنی بەخۆی دەدا کە ئەمیش بگۆڕێت و بەهێمایەکیش بووە ...

(دەنگیی کڕاندنی خاچەکە دێت)

هێڵی بیرکردەنەوەکەی پچڕا!

- چ دەکەن؟ (دەیبەستنەوە بە خاچەکە)
- (بەزەردەخەنەوە) نەتەویست لەم زەمهەریرە ڕزگارت بێت؟!

بە هێمایەکیش بووە، نا گۆڕان هەر بە هێمایەک ناکرێت. ورەی بەرزتر دەکات و تێی دەگەیەنێت کە ئەمیش بەشداریی ڕژاندنی ئەو دەنگە بێت لە کانگەی گیانی.

- (بە دەنگی بەرز) ژاندارک ئاگر بەن!

بە گڕی جەستەی شەوەزەنگ دەشکێنێت و پەردەی شانۆکە دادەخرێت.